# عێراق: بەهاناوەچوونی مرۆیی بۆ موسڵ
## ڕاپۆرتی بارودۆخ ژمارە. 1 (١٧– ١٩ی تشرینی یەکەم ٢٠١٦)

ئەم ڕاپۆرتە لەلایەن نووسینگەی هەماهەنگی کاروباری مرۆیی لە عێراق بە هەماهەنگی لەگەڵ هاوکارانی مرۆیی ئامادە کراوە. لەبەر گۆڕانی بارودۆخەکە بە هەڕەمەکی، ئەگەری هەیە کە ژمارەکان و شوێنەکان کە بە لیستێك لەم ڕاپۆرتە دانراون گۆرانکاریان بەسەردابێت. ڕاپۆرتی داهاتوو لە دەوروبەری ٢٣ی ئۆکتۆبەردا بڵاودەبێتەوە.

# هەواڵە سەرەکیەکان



مصدر الخارطة: OCHA, CCCM, Clusters
الحدود والأسماء الموضحة والتسميات المستخدمة على هذه الخارطة لا تعني التأييد أو القبول الرسمي من قبل الأمم المتحدة.
تم إنشاء الخارطة في 18 تشرين الأول - أكتوبر 2016

- ٥٦٤٠ کەس لە سێ ڕۆژی یەکەمی دوابەدوای ڕاگەیاندنی ئۆپەڕاسیۆنەکان بۆ ئازادکردنەوەی موسڵ لە دەستی داعش ئاوارەبوون. ژمارەی ئەو کەسە ئاوارانەی کە جولەکەن بەرەو شوێنە ئارامەکان پێشبینی دەکرێت کەوا بەرز بێتەوە بەهۆی چڕبوونەوەی شەڕوپێکدادانەکان و نزیکتر دەبێتەوە لەو ناوچانەی کە هاوولاتیانی تێدایە.
- لە ٧٢ کاتژمێری یەکەمی بەهاناوەچوونەکە، ٧٧٤ پێداویستی میکانیزمی بەهاناوەهاتنی بەپەلە بۆ ٦٢٦ خێزان کە دەکاتە (٣١٣٩ کەس) دابەش کراون، زۆربەیان بریتین لە ئافرەتان و منداڵان. پێش وەختە دانانی پێداویستیەکانی میکانیزمی بەهاناوەهاتنی بەپەلە دڵنیای دەدات کە پێداویستیەکانی بوتڵی ئاو و پارچەکانی خۆراك و پاك و خاوێنی لەبەردەستدان بەپەلە بۆ ئەو خێزانانەی کە دەگەنە شوێنەکانی پشکنین.
- توانای ئێستا کە لەبەردەستدایە لە خێوەتگەکان و شوێنە تەنگەتاویەکان زیاتر لە ٦٠٠٠٠ کەس نیشتەجێ دەکات. لەگەڵ ئەوەشدا، خێوەتگەکان و شوێنە تەنگەتاویەکان بۆ باشور و باشوری ڕۆژهەڵاتی شاری موسڵ ئامادەکاری دەکەن بۆ وەرگرتنی کەسە ئاوارەکان، لەگەڵ ژمارەی ئەو شوێنانەی کە لەبەردەستدان بە خێرایی بەرزدەبنەوە.
- هاوکارانی کاروباری مرۆیی نیگەرانیەکی زۆر دەردەبڕین بۆ زیاتر لە ١،٢ ملیۆن کەس لە شاری موسڵ کە دووچاری نادڵنیایی دەبن هەروەکو ململانێ دەگاتە دەوروبەری شار. هاوولاتیان لە مەترسیەکی خراپدان لە کەوتنە بەر تەقەکردن، گیرخواردن لە نێوان هێلەکانی ململانێ، یان وەکو قەڵغانی مرۆیی بەکاردەهێندرێن.

| 365,640 | 1.2-1.5ملیۆن | 700,000 | 1 ملیۆن | 200,000 | 5,640 |
|---|---|---|---|---|---|
| شوێنی پەناگەی کەسی لە پلاندانان دان یان لە ژێر بنیاتناندان | کەس لەوانەیە زیانیان بەرکەوێت بەهۆی ئۆپەڕاسیۆنی سەربازی | کەس لەوانەیە پێویستیان بە نیشتەجێکردن بێت لە پەناگە تەنگەتاویەکان | کەس لەوانەیە ئاوارەبوون لە خراپترین سیناریۆدا | ئاوارەبوونی پێشبینیکراو لە هەفتەکانی داهاتوودا | کەس لەوەتەی ١٧ی تشرینی یەکەم ئاوارەبوون (هەروەکو لە ٢٠ی تشرینی یەکەم) |

# تێڕوانینێکی گشتی بۆ بارودۆخەکە

ڕاگەیاندنی ئۆپەڕاسیۆن لە ڕۆژی ١٧ی تشرینی یەکەم بۆ ئازادکردنەوەی شاری موسڵ لە دەستی داعش بۆتە هۆی بەرزبوونەوەی ئاستی ٣ی تەنگەتاوی لە عێراق. نیگەرانی زۆر هەن سەبارەت بە ئافرەتان و پیاوان و کچان و کوران کە دەکەونە بەر ململانێ کە لەوانەیە ببێتە هۆی گەورەترین و ئاڵۆزترین قەیرانی مرۆیی لە جیهان لە ساڵی ٢٠١٦.

ڕاپۆرتەکان بۆ سێ ڕۆژی یەکەمی ئۆپەڕاسیۆن ئاماژە بەوە دەکەن کە چالاکیە سەربازیەکان لەناو گۆڕەپان ڕوودەدەن لەو ناوچانەی کە هاوولاتیانی کەم تێدان ئاوارەبوون پێشبینی دەکرێت بەرزبێتەوە هەروەك شەڕوپێکدادانەکان نزیکتر دەبنەوە لەو ناوچانەی کە هاوولاتیانی زۆری تێدایە. هەروەکو لە ڕۆژی ١٩ی تشرینی یەکەم، تۆمارکەری بەدواداچوونی ئاوارەبوونی سەر بە ڕێکخراوی کۆچی نێودەوڵەتی ٥٦٤٠ کەسی تۆمارکردووە کە جوڵاون بەرەو دوو ئاڕاستە، بەرەو باشور و باشوری ڕۆژهەڵاتی موسڵ. زۆرینەی – کە دەکاتە ٥٤٠٠ کەس – لە (حمام عليل)، ئەل شورە و گەیارە و (ئەل هود) و بەشەکانی گەیارە لە باشوری ڕۆژهەڵاتی قەزای موسڵ لە پارێزگای نەینەوا ئاوارەبوون. ئاوارەبوونی دووەمی ٢٤٠ کەس کە

لە گوێڕ و دیبەگە لە پارێزگای هەولێر ڕوویدا. لەگەڵ ئەوەشدا، ئاژانسی پەنابەری نەتەوە یەکگرتووەکان ڕاپۆرتی کردووە کە زیاتر لە ٩٠٠ پەنابەر لە (بەعاج) لە پارێزگای نەینەوا پەڕیونەتەوە بۆ ناو سوریا و گەیشتوونەتە خێوەتگەیەك بۆ کەسە ئاوارەکان لە ئەل هول لە حەسەکە.

بیست و چوار کاتژمێر لەدوای ئەوەی کە شارۆچکەی (ئەل هود) ئازادکرایەوە، کاروانێکی فرە ئاژانس کە لەلایەن OCHAوە سەرکردایەتی دەکرێت لەوانە ڕێکخراوی یونیسێف و ڕێکخراوی کاری مین هەڵگرتنەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان گەیشتە (ئەل هود)، لە باکوری گەیارە، لەوێ کە ٥٥٠ خێزان نیشتەجێ بوون. لە (ئەل هود)، ڕێکخراوی یونیسێف ٣٠٠٠ دەستەی بوتڵی ئاو و ١٥٠٠ پێداویستی پاك و خاوێنی گەیاندووە. بەزووترین کات کە ڕاپۆرتە سەرەتاییەکان لەبارەی گەیشتنی خێزانەکان لە گەیارە تۆمارکراون، هاوکارانی کاروباری مرۆیی لە ناو گۆڕەپانەکەن بۆ گەیاندنی هاوکاری بەپەلە لە ڕێگەی میکانیزمی بەهاناوەهاتنی بەپەلە، کە هەڵسەنگاندنی بەپەلە بۆ پێویستیەکان و نیگەرانیەکانی پاراستن دەکەن.

هەروەك بەهاناوەچووانی هێلی سەرەکی دەست دەکەن بە وەرگرتنی ڕەزامەندی تاکو دەستیان بگات بەو ناوچانەی کە هاووڵاتیانی تێدان و لە یەکەم ڕۆژەکانی ئۆپەڕاسیۆن ئازادکراونەتەوە، ئەو زیانە کارەساتبارەی زیاتر لە دوو ساڵە لەلایەن داعش کۆنترۆڵ کراوە بەرەو نەمان دەچێت. کشانەوەی ئەو گروپە چەکدارە میراتێکی بکوژی لە دوای خۆی بەجێهێشت لە بۆمب و تەقەمەنیە چێندراوەکان لەسەر شەقام کە شەقامە سەرەکیەکانی باکوری گەیارە بەیەکەوە دەبەستێتەوە. لەو ناوچانەی کە هاووڵاتیانی تێدان لە باشوری ڕۆژهەڵاتی موسڵ، ١٩ بیرە نەوت گڕیان تێبەردرا لەلایەن گروپە چەکدارە هەڵاتووەکان لە ناوچەی باشوری موسڵ، بەتایبەتی لە دەوروبەری شارۆچکەی گەیارە. خەڵکی دەگەنە گەیارە بەدوای شوێنێ ئارام دەگەڕێن دووچاری مەترسیە جدیەکانی تەندروستی دەبنەوە، سووتاندنی نەوتی خاو دەبێتە هۆی پیس بوونێکی گەلێك فراوان، لەوانە بارووتی ڕەش و گازەکان. نیشانە لاوەکیەکانیش لەسەر دانیشتوانی ناوخۆیی و تەندروستی کۆمەڵگا زیان بەرکەوتووەکان بەجێدێڵێت بە پشت بەستن بەو جەختکردنەوەی ئەو پیسیەی کە هەڵدەمژێردرێت هەروەها ماوەی کەوتنەبەر پیسبوونەکە و دووری لە ئاگری نەوتەکە. ئەگەری کاریگەری تەندروستی لەبەرکەوتن بەو دوکەڵە دەبێتە هۆی خورانی پێست؛ ئاو هاتنەخوارەوە لە لوت، کۆخە، هەناسە برکێ؛ خورانی چاوەکان و لوت و قورگ؛ هەروەها حالەتەکانی جیوب و ڕەبۆ. لە هەمان شوێنی دەوروبەری گەیارە، چەسپکردنەکانی پیشەسازی ڕاپۆرت کراون کە زیانیان بەرکەوتووە، لەوانە وێستگەی کبریت کە دەکەوێتە ٢,٦ کیلۆمەتر لە ڕوباری دیجلە / زێ ی گەورە. هاوشێوەی سووتاندنی نەوتی خاو، بڵاوبوونەوەی پیسبوون بەهۆی سووتانی باڵەخانە پیشەسازیەکان کە زیان دەگەیێنێت بە هەناسەدان و لەوانەیە ببێتە هۆی نەخۆشیەکانی سی، لەگەڵ ئەوەشدا زیان گەیاندن بە ژینگەی ناوخۆیی. بڵاوبوونەوەی ماددە ژەهراویەکان لە باڵەخانە پیشەسازیە زیان بەرکەوتووەکان وەکو نیگەرانیەك دەمێنێتەوە، هەروەك چەندین وێستگەی لەو شێوە لە ناوچەکە هەیە لە دەوروبەری موسڵ.

نەتەوە یەکگرتووەکان و هاوکارانی کاروباری مرۆیی ئامادەکاری دەکەن بۆ بەرزبوونەوەیەکی خێرا لە ئاوارەبوون هەروەکو ئۆپەڕاسیۆنەکان جولە دەکەن بۆ ناو موسڵ. کۆی ١٠٠١٤ شوێنی ڕەشماڵ لە ئێستادا لەبەردەستدان بۆ ٦٠٠٨٤ کەس. ٦٠٩٤٠ شوێنی ڕەشماڵی تر بۆ ٣٦٥٦٤٠ کەسی تر پلانیان بۆ دانراوە یان لە ژێر بنیاتنان دان. سێ خێوەتگە – گەیارە جەدە، بنکەی ئاسمانی گەیارە و حاج عەلی – لە باشور و باشوری ڕۆژئاوای موسڵ دەستنیشان کراون وەکو شوێنە لەپێشینەکان بۆ یەکەمین شەپۆڵەکانی ئاوارەبوون.

لە هەمان کاتدا، هاوکارانی کاروباری مرۆیی زۆر نیگەرانن لەبارەی چڕبوونەوەی شەڕوشۆڕ لەو ناوچانەی کە هاووڵاتیانی تێدان، و ئەگەری دەرەنجامە مرۆییەکان بۆ ئەو کەسانەی کە لە شاری موسڵ لە ژێر کۆنترۆڵی داعش ژیان دەگوزەرێنن. هاوکارانی کاروباری مرۆیی پێشبینی دەکەن کە زۆربەی هەرە زۆری ١,٢ ملیۆن تا ١,٥ ملیۆن کەس کە هێشتا لە شاری موسڵن لەوانەیە زیانیان بەرکەوێت. هاووڵاتیان لەو پەڕی مەترسیدان لە کەوتنە بەر تەقەکردن و کرانە ئامانج لەلایەن قەناس بەدەستەکان. بە دەیان و هەزاران کەس لەوانەیە بە ناچاری دەربکرێن، گیربخۆن لە نێوان هێلەکانی شەڕکردن، یان لەژێر گەمارۆدابن یان وەکو قەڵغانی مرۆیی ڕابگیرێن و بەکاربهێندرێن. چەکە کیمیاویەکان لەوانەیە بەکاربهێندرێن. باڵەخانە گشتیەکان، ڕێگاکان و ماڵەکان لەوانەیە مین ڕێژکرابن یان پیس بووبن بەهۆی تەقەمەنیە ژەهراویەکان. منداڵان، بەتەمەنەکان و پەککەوتوان بە شێوەیەکی تایبەت لە مەترسیدان.

هاوکارانی کاروباری مرۆیی بە شێوەیەکی چڕوپڕ ئامادەکاریان کردووە بۆ چەندین مانگ بۆ بەهاناوەچوونی ئەو کەسانەی کە پێویستیان بە هاوکاریە بەهۆی ئۆپەڕاسیۆنی پێشبینکراوی موسڵ. قەیرانی موسڵ دروست دەبێت هەروەك هاوکارانی کاروباری مرۆیی لە عێراق پێش وەختە کۆشش دەکەن بۆ دابین کردنی کۆمەکی فریاگوزاری بۆ هەندێ لە ١٠ ملیۆن کەس کە پێویستیان بە هاوکاری هەیە لە هەندێ جۆری هاوکاری مرۆیی لە سەرانسەری ووڵات، لەوانە ٣,٣ ملیۆن کەسی ئاوارە، زۆربەیان بۆ دووەم جار و سێیەم جار ئاوارەبوون. ئاوارەبوون و گەڕانەوەی ئاوارەکان بە بەردەوامی تۆماردەکرێن لە ناوچەکانی تری عێراق، کۆکردنەوەی پێویستیەکانی تر لە دەقێکی کورتهێنانی بەرچاوی پاڵپشتی کردنی دارایی. لە کۆتایی ساڵ، بە پشت بەستن بەو قەبارە و ماوەیەی ئۆپەڕاسیۆنی موسڵ، زۆربەی هەرە زۆری ١٢ بۆ ١٣ ملیۆن عێراقی پێشبینی دەکرێن کە پێویستیان بە هاوکاری مرۆیی بێت.

# پاڵپشتی کردنی دارایی

لە مانگی تەموزی ٢٠١٦، هاوکارانی کاروباری مرۆیی دەستیان کردووە بە داوایەکی بەپەلە بۆ ٢٨٤$ ملیۆن دۆلاری ئەمەریکی بۆ خێراترکردنی هەوڵەکانی ئامادەکاری پێش ئەو هەڵمەتە سەربازیەی کە پێشبینی دەکرێت بۆ ئازادکردنەوەی موسڵ. هەروەکو لە ٢٠ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٦، ١٥٥$ ملیۆن دۆلاری ئەمەریکی وەرگیراوە، تەنها ٥٤ لەسەدای ئەو برە پارەیەی کە پێویستە، کە بەشێوەیەکی بەرچاو بۆتە ئاستەنگ لەبەردەم توانای گروپەکان بۆ کڕین و پێش وەختە دانانی کۆمەکیەکان و دانانی ئامادەکاریە تەنگەتاویەکان بۆ پڕکردنەوەی قەبارەی پێویستیە پێشبینیکراوەکان. لەسەرەتایی مانگی تشرینی یەکەم، پێویستیە بەپەلەکان نوێکرانەوە و ئەوە نیشان دەدەن کە ٣٦٧$ ملیۆن دۆلاری ئەمەریکی پێویست دەبێت بۆ کۆتاییهێنان بە ئامادەکاریەکانی دابین کردنی هاوکاری ڕزگارکردنی ژیان بۆ خێزانەکان لە ماوەی سێ مانگی یەکەمی ئاوارەبوونیان. هەرچەندە بەشداری کردنی بەخشندانە وەرگیراون، زۆربەی ئەو پاڵپشتیە داراییەی کە زۆر پێویستە تەنها ئێستا دەستی بەگەیشتن کردووە.

## پاڵپشتی کردنی دارایی بۆ داوای هاوکاری بەپەلەی موسڵ




لەسەر بنەمای خزمەتگوزاری بەدواداچوونی دارایی هەروەك لە ٢٠ی تشرینی یەکەم. هاوکارانی کاروباری مرۆیی لەوانە کۆمەکبەخشان و ئاژانسەکانی وەرگری کۆمەکی، هاندراون کە بە خزمەتگوزاری بەدواداچوونی دارایی سەر بە ئۆچا ڕابگەیێنن لە ڕێگەی ئەم ماڵپەڕە (FTS: https://ftsbeta.unocha.org) لە بەشداری کردنە جۆریەکان و هاوکاری پارەی کاش بە ناردنی ئیمەیڵ بۆ fts@un.org

ئامادەکاریەکان بۆ موسڵ لە دەقیکی کورتهێنانی گرنگ ڕوودەدات بۆ ئۆپەڕاسیۆنی مرۆیی لە عێراق. تاکو ئێستا، ٨٦١$ ملیۆن دۆلاری ئەمەریکی داوای ساڵانە دەستی پێکردووە لەسەرەتای ساڵی ٢٠١٦ بۆ پڕکردنەوەی پێویستیەکانی ٧,٣ ملیۆن عێراقی هەژار بری ٥٠٥$ ملیۆن دۆلاری ئەمەریکی وەرگرتووە، تەنها ٥٨ لەسەدای بری پێویست. ئەم کورتهێنانی پاڵپشتی کردنی داراییە زیانێکی جددی دەبێت لەسەر ئۆپەڕاسیۆنەکە بە گشتی.

هەروەك لە ڕۆژی ٢٠ی تشرینی یەکەم، بەشداریەکردنەکان وەرگیران بۆ پلانی بەهاناوەهاتنی مرۆیی بۆ عێراق لە ساڵی ٢٠١٦ و بۆ داوای بەپەلە بۆ موسڵ لەوانە تێیدا ٨٩,٢$ ملیۆن دۆلاری ئەمەریکی لەلایەن سندوقی کۆمەکی مرۆیی بۆ عێراق.

## کۆی گشتی پاڵپشتی کردنی دارایی بۆ بەهاناوەچوونی مرۆیی بۆ عێراق




**US$1.1billion**
total requested by the Iraq Humanitarian Response Plan 2016 and Mosul Flash Appeal

**US$861m**
requested by the Iraq Humanitarian Response Plan 2016

**US$284m**
requested by the Mosul Flash Appeal

***US$89.2m**
funding from the Iraq Humanitarian Pooled Fund to both appeals

# بەهاناوەهاتنی مرۆیی

پێداویستیەکانی میکانیزمی بەهاناوەچوونی بەپەلە

ئامادەیە بۆ 1.2

ملیۆن کەس

## میکانیزمی بەهاناوەهاتنی بەپەلە

پێویستیەکان:

- هاوکارانی کاروباری میکانیزمی بەهاناوەچوونی خێرا دەیخەملێنن کە زیاتر لە یەك ملیۆن کەس لەوانەیە پێویستیان بە هاوکاری بێت لە دوای دەستپێکی ئۆپەڕاسیۆنی سەربازی بۆ سەر موسڵ.

بەهاناوەچوون:

- کۆگاکانی پێش وەختەی میکانیزمەکانی بەهاناوەچوونی خێرا بەپەلە لەبەردەستدابوون بۆ خێزانە ئاوارەکان کە دەگەنە گەیارە لە نێوان ١٧ و ١٩ی تشرینی یەکەم. هاوکارانی کاروباری میکانیزمی بەهاناوەچوونی بەپەلە ٧٧٤ پێداویستیان بۆ ٣٩٧خێزان کە دەکاتە (١٦٩٧) کەس لە گەیارە دابەشکردووە، زۆرینەیان بریتین لە ئافرەتان و منداڵان .
- هاوکارانی کاروباری میکانیزمی بەهاناوەچوونی بەپەلە پێش وەختە ٢٠٠٠٠٠ پێداویستی بۆ ١,٢ ملیۆن کەس لە شوێنە سەرەکیەکان بۆ هاوکاری کردنی بەهاناوەچوونی موسڵ، لەوانە ٤٠٠٠ پێداویستی پێش وەختە لە گەیارە و حاج علی دانراون .

بۆشاییەکان و ڕێگریەکان:

- جولانەوە لەسەرانسەری پردی گەیارە سنورداره، کە دەبێتە ڕێگر لەبەردەم گواستنەوەی بارهەڵگر.
- ڕێ و شوێنی تازەی ئەمن و ئاسایش لە هەرێمی کوردستانی عێراق بۆ تێپەڕین لە خاڵەکانی پشکنین بۆ ناو پارێزگای نەینەوا دەبنە ڕێگر لەبەردەم جولەکردن و پێش وەختە دانانی کۆگاکان.
- نەبوونی توانای کۆگای تەواو لە گەیارە دەبێتە ڕێگر لەبەردەم توانای هاوکاران بۆ خەزنکردنی کۆگا تەنگەتاویەکان.

.

## هەماهەنگی و بەڕێوەبردنی خێوەتگە

60,000 people

دەتواندرێت نیشتەجێ بکرێن وەکو لە ١٩ی تشرینی یەکەم لە خێوەتگەکانی ئاوارەکان و شوێنە تەنگەتاویەکان لەسەرانسەری ناوچەکە – ئامادەکاری شوێنەکان بۆ ٢٥٠٠٠٠ کەس خێراکراوە

پێویستیەکان

- گروپی هەماهەنگی و بەڕێوەبردنی خێوەتگە کاردەکات بۆ دڵنیابوون لە توانای خێوەتگە بۆ ٢٠٠٠٠٠ کەس کە پێشبینی دەکرێن ئاوارەبن لە هەفتەکانی یەکەمی قەیرانەکە، و بۆ پلاندانان و بنیاتنانی شوێنی زیاتر هەروەك قەیرانەکە دێتە کایەوە. لە ڕۆژی ١٩ی تشرینی یەکەم، گروپی هەماهەنگی و بەڕێوەبردنی خێوەتگە کاروانی لەپێشینەی هەڵسەنگاندنێکی مەترسی لە ڕۆژی ١٩ی تشرینی یەکەم جێبەجێ کرابوو بۆ ئەو شوێنانەی کە بەم دواییە دانیشتوان تێدا ئاوارەبوون. دۆزینەوەکان لەبەرچاودەگیرێن لە ٢٠ی تشرینی یەکەم و زانیاری دەدات سەبارەت بە بەهاناوەچوونی بەردەوام.

بەهاناوەچوون:

- گروپی هەماهەنگی و بەڕێوەبردنی خێوەتگە کاریان کردووە لەگەڵ هاوکارانی کاروباری مرۆیی بۆ هاوکاری کردن لە ئامادەکردنی خێوەتگەکان و پەناگە تەنگەتاویەکان بۆ وەرگرتنی کەسە ئاوارەکان. هەروەك لە ٢٠ی تشرینی یەکەم، ١٠٠١٤ شوێنی ڕەشماڵ لەبەردەستدابوون بۆ ٦٠٠٨٤ کەس لەسەرانسەری تەواوی خێوەتگەکان و شوێنە تەنگەتاویەکان. ٦٠٩٤٠ شوێنی ڕەشماڵی زیاتر بۆ ٣٦٥٦٤٠ کەس پلانیان بۆ دادەنرێت یان لە ژێر بنیاتناندان. ئەگەری زۆرترین توانا بریتی یە لە ٨١٢٤٠ شوێنی ڕەشماڵ بۆ ٤٨٧٤٤٠ کەس، لەگەڵ زیادبوونی ژمارەکە بە خێرایی هەروەك شوێنە تازەکان دەستنیشان دەکرێن.

- شوێنە لەپێشینەکان لە گەیارە جەدە، بنکەی ئاسمانی گەیارە، حاج علی بریتین لە شوێنە جەخت لەسەرکراوەکانی پلاندانانی چڕوپڕ. پێش وەختە دانانی کۆمەکیە زۆر گرنگەکان بۆ سێ شوێنی لەپێشینە لەسەرانسەری باشوری نەینەوا ئەنجام دراون بە هاوتەریبی لەگەڵ بەردەوامی ئامادەکاریەکانی شوێنەکان.

بۆشاییەکان و ڕێگریەکان:

- هەماهەنگی و بەڕێوەبردنی خێوەتگە ئێستا دەستنیشانکردنی نوێنەرەکان بە کۆتادێنێت بۆ بەڕێوەبردنی خێوەتگە. هەروەها هەماهەنگی و بەڕێوەبردنی خێوەتگە ئامانجی بریتی یە لە بەهێزکردنی توانای هاوکارانی کاروباری مرۆیی و هاوبەشەکان لە بەڕێوەبردنی خێوەتگە، لەو شوێنەی کە پێویستە.

## پەناگە و کەل و پەلە ناخۆراکیەکان

**59,000**
ڕەشماڵ ئامادەن بۆ دابین کردنی پێویستیەکانی پەناگە بۆ ٣٥٨٠٠٠ کەس

پێویستیەکان:

- گروپەکە لەسەرەتادا ٢٠٠٠٠٠ کەسی ئاوارە دەکاتە ئامانج کە پێشبینی دەکرێن پێویستیان بە چارەسەریەکانی پەناگەی تەنگەتاوی بێت لە هەفتەکانی یەکەمی دوای دەستپێکی ئۆپەڕاسیۆنی موسڵ. ئەمەش دەبێتە ئەنجامی داوایەکی زۆر بۆ هاوکاری پەناگە و کەل و پەلە ناخۆراکیەکان.

بەهاناوەچوون:

- لە ماوەی ٢٤ کاتژمێری گەیشتنی ئاوارەکان بۆ گەیارە، ٣٥٠ پێداویستی سەرەکی کەل و پەلە ناخۆراکیەکان بۆ خێزانەکان دابەشکرابوون. زیاتر لە ٤٠ گروپی هاوکارانی کاروباری مرۆیی ئامادەن بۆ بەهاناوەچوونی پێویستیە بەپەلەکانی کە دێنە کایەوە.
- کۆگاکان پێش وەختە لە نزیك ناوچە پێشبینکراوەکانی ئاوارەبوون دانراون، و کۆمەکیەکی بەهێزیش دامەزراوە تاکو بەخێرایی پێویستیە پێشبینیکراوەکان پڕبکاتەوە.
- کۆگای ئێستای ڕەشماڵەکان کە بریتین لە ٥٩٨٠٠ ڕەشماڵ، لەگەڵ پابەندبوونێکی بەهێز لەلایەن وەزارەتی کۆچ و کۆچبەران بۆ دابین کردنی زۆرینەی ئەو ڕەشماڵانە. ١٨٣١٠ ڕەشماڵی تر لە هێلی کۆمەکیدان. لەگەڵ ئەوەشدا، ٦٠٠ پێداویستی پەناگەی تەنگەتاوی لە کۆگا دان و ٨٣٢٥٥ تر لە ڕێگادان.
- چارەسەریەکانی تری پەناگە لەبەردەستدان ئێستا لە کۆگانە لەوانە ٣٠٠ پێداویستی داپۆشینی ڕەشماڵ، لەگەڵ ٤٩٤٠٠ تر لە هێلی کۆمەکیدان.
- گروپی پەناگە پێش وەختە ٣٥٨٠٣ پێداویستی کەل و پەلی ناخۆراکی خێزانی لە هەولێر و بەغدا و دهۆك داناوە، لەگەڵ ١٢٣٨٤٦ پێداویستی تر لە هێلی کۆمەکی دان. لەگەڵ هاتنی زستان، ٣٦٠٠٠ پێداویستی وەرزی زستانەی خێزانی ئامادەن بۆ دابەشکردنیان، و ٢٥٥٢٧ یش لە هێلی کۆمەکی دان.

بۆشاییەکان و ڕێگریەکان

- گروپی پەناگە بە شێوەیەکی بەرچاو ئەندامێتی خۆی بەهێزکردووە لە مانگەکانی ڕابردوودا. بانگەشەی زیاتر و گەیشتن بە هاوکارانی مرۆیی پێویستە بۆ دڵنیاکردنەوەی کە ڕێکخراوەکانیش کاردەکەن لە ڕێگەی میکانیزمەکانی هەماهەنگی گروپ بۆ دەستنیشانکردنی پێویستیەکان، دوورکەوتنەوە لە بۆشاییەکان و زۆر لەوەش گرنگتر بریتی یە لە کەمکردنەوەی دووبارەبوونەوە.
- کورتهێنانێکی زۆری پاڵپشتی دارایی بەردەوامە لە زیان گەیاندن بە توانای گروپەکە بەشێوەیەکی بەرچاو بۆ ئامادەکردن و پێش وەختە دانانی خەزنەکان و دابین کردنی هاوکاری بۆ ئەو دانیشتوانەی کە پێویستیان بە هاوکاریە، بەتایبەتی کاتێك ژمارەی ئاوارەکان ٢٠٠٠٠٠ کەس تێدەپەڕێنێت.

## پاراستن

**66**
تیمە گەڕۆکەکانی پاراستن لە ئامادەباشیدان

پێویستیەکان:

- گروپی پاراستن دەستی کردووە بە هەڵسەنگاندنێکی پاراستنی بەپەلە لە ڕۆژی ١٩ی تشرینی یەکەم لە گەیارە. دۆزینەوە سەرەتاییەکان دەستنیشانی نیگەرانیە جدیەکانی پاراستنیان کردووە بۆ ئەو خێزانانەی کە لە (ئەل هود) ڕایانکردووە، لەوانە ژمارەیەکی زۆری هاووڵاتی بریندارابوون هەروەك شەپۆلێ ململانێ ی پێدا تێپەڕبوو. جیاکردنەوەی خێزانەکان و نیگەرانیەکانی سەبارەت بە هێنانی منداڵان بۆ ناو ڕیزەکانی گروپە چەکدارەکان ئاماژەی پێکرا. دۆزینەوەکانی تەواوی هەڵسەنگاندنی پاراستنی بەپەلە لە ڕۆژی ٢٠ی تشرینی یەکەم دەگەیێندرێت.

بەهاناوەچوون:

- گروپی پاراستن ٦٦ تیمی گەڕۆکی لە ئامادەباشیدایە و دەیانێرێت ئەو کاتە و شوێنەی کە پێویست بێت. تۆمارکەری بەدواداچوونی ئاوارەبوون و زانیاری تر کە لەلایەن هاوکارانی کاروباری پاراستن کۆکراوەتەوە دەبێتە یارمەتیدەرێك بۆ پلاندانانی فراوانتر، لەوانە دەستپێکردنی هەڵسەنگاندنەکانی پاراستنی بەپەلەی زیاتر.

بۆشاییەکان و ڕێگریەکان:

- توانای هاوکارانی کاروباری پاراستن سنوردارە لە هەندێ ناوچە، بە هەبوونی قەبارەیەکی جوگرافیای وەها و ئاڵۆزی بەهاناوەچوونی پێویست. گروپی پاراستن کاردەکات بۆ زیاتر بەهێزکردنی توانای ئەو هاوکارانەی کاروباری مرۆیی، لەوانە لە ڕێگەی دابین کردنی مەشق کردن، و پەرەپێدان بە بەڵگەنامەیەکی ڕێبەری کردن کە تێیدا ڕۆڵی تیمە گەڕۆکەکان خراوەتە ڕوو. هەروەها گروپی پاراستن ڕێ و شوێنە ستاندەرەکانی بەڕێوەبردنی بەرهەمهێناوە بۆ ڕێبەری کردنی تەواوی گروپە مرۆییەکان لەسەر کەمترین پێویستیەکانی پاراستن لە شوێنەکانی پشکنینی ئاوارەکان.

## ئاو و خاوێنکردنەوەی ئاوەڕۆکان و پاك و خاوێنی

**113,000**

پێداویستیەکانی پاك و خاوێنی خێزانی سەرەکی لە ئێستادا لە کۆگادایە

پێویستیەکان:

- ئاوارەبوونی پێشبینیکراو مانای ئەوە دەبێت کە داوایەکی زۆر هەیە بۆ هاوکاری ئاو و خاوێنکردنەوەی ئاوەڕۆکان و پاك و خاوێنی. ئاوارەکان پێویستیان بە چارەسەریەکانی ئاو و خاوێنکردنەوە و پاك وخاوێنی دەبێت ئەو کاتەی دەگەنە خێوەتگە دیاریکراوەکان بۆ ئاوارەکانی موسڵ، یان ئەگەر ئەوان لە ئامادەکاریە نافەرمیەکان کۆببنەوە.
- ئەو خێزانانەی کە لە ماڵەکانی خۆیان دەمێننەوە ئەوانیش پێدەچێت پێویستیان بە هاوکاری ئاو و خاوێنکردنەوە و پاك وخاوێنی ببێت، هەتا ئەگەر هاتوو ئەوانیش لە ماڵەکانی خۆیان ئاوارە نەبن .

بەهاناوەچوون:

- لە ئەل هود، ڕێکخراوی یونیسێف لە ڕێگەی هاوکارانی کاروباری مرۆییەوە ٣٠٠٠ دەستەی بوتڵی ئاو و ١٥٠٠ پێداویستی پاك و خاوێنی بۆ ٩٠٠٠ کەس گەیاندووە.
- گەیاندنی چوار تەن لە ماددەی کلۆرین لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی ئاو لە بەغدا بۆ کۆمەکی شارەوانی لە گەیارە بۆ وویستگەی چارەسەری ئاوەکە لە شەرگات، لەلایەن ڕێکخراوی یونیسێفەوە ئاسانکاری بۆ کراوە.
- هەڵسەنگاندنە بەپەلەکانی شوێنی ئاوارە تازەکان لە دەوروبەری گەیارە ئەنجام دەدرێن بۆ جێبەجێ کردنی بەهاناوەچوون.
- ڕێکخراوی ئۆکسفام ١٠٠ کیلۆگرام لە تۆزی کلۆرین بۆ وویستگەی چارەسەرکردنی ئاو لە حاج عەلی گەیاندووە.
- چالاکیەکانی ئامادەکاری بەردەوامیان هەیە بۆ هێنانی ئاسانکاریەکانی ئاو و خاوێن کردنەوە و پاك و خاوێنی بۆ خێوەتگەکان و شوێنە تەنگەتاویەکان لەسەر هێڵ. توانای هاوکارانی کاروباری نەخشەدانان لەسەرانسەری شوێنە لەپێشینەکان و دانانی پێش وەختەی خەزنەکان بەردەوامیان هەیە.
- گروپی ئاو و خاوێنکردنەوە و پاك و خاوێنی ئامادەیە بۆ ناردنی ٥٠ تەن لە تۆزی کلۆرین و ٣٦٦٥ پاکێجی حەبەکانی کلۆرین، کە بەشی تەواو دەکات بۆ دابین کردنی ١٤٦٦٠٠ مەتر سێجا لە ئاوی سەلامەت.

بۆشاییەکان و ڕێگریەکان:

- جولانەوەی زۆربەی ئەو خێزانە ئاوارانەی سەرەتا کە تۆمارکرابوون لە نێوان ١٨ و ٢٠ی تشرینی یەکەم بۆ ناو کۆمەڵگا خانەخوێکان لە دەوروبەری گەیارە پێویستیان بە تیمە گەڕۆکەکانی دووبارە ئاراستەکردنەوە دەبێت کە جەختیان لەسەرکراوەتەوە تاکو ئێستا لەسەر هاوکاری کردنی خێوەتگەکان و شوێنە تەنگەتاویەکان.

## تەندروستی

**210,000**

کەس دەتواندرێت هاوکاریان بکرێت لە ڕێگەی پێداویستیەکانی تەندروستی ئافرەتانی دووگیان، پێداویستیەکانی تەندروستی تەنگەتاوی فرە ئاژانس و کۆمەکیە پزیشکیەکان پێش وەختە لە حاج عەلی و ئیجهێلا دانراون

پێویستیەکان

- گروپی تەندروستی تۆمارکەری بەدواداچوونی ئاوارەبوون بەکاردەهێنێت بۆ دەستنیشانکردنی ئەو کەسانەی کە پێویستیان بە هاوکاری تەندروستیە لە ناوچەکانی ئاوارەبوونی نوێ.

بەهاناوەچوون:

- یەکەیەکی پزیشکی گەڕۆك لەلایەن هاوکارانی گروپی کاروباری تەندروستیەوە هاوکاری دەکرێن و لەوانە یەك پزیشکی دکتۆر لە ڕەگەزی نێر و یەك پەرستار لە ڕەگەزی نێر بەیەکەوە لەگەڵ تیمێکی گەڕۆکی تەندروستی ئافرەتانی دووگیان بۆ قوتابخانەیەك نێردران لە گەیارە کە لە ئێستادا خێزانە ئاوارەکانی ئێستا نیشتەجێن. تیمی پزیشکی ١٠ ڕاوێژکاری بۆ سێ پیاو و حەوت ئافرەت لە ڕۆژی ١٩ی تشرینی یەکەم ئەنجام دا. تیمی تەندروستی ئافرەتانی دووگیان لە سەنتەری چاودێری تەندروستی سەرەتایی گەیارە ١١٠ ڕاوێژکردنیان ئەنجام داوە. یەك ئافرەت ڕەوانەکرابوو بۆ ژووری منداڵ بوون و یەك لەدایکبوون تۆمارکرابوو لە سەنتەری چاودێری تەندروستی سەرەتایی گەیارە.
- بەشی تەندروستی لە ئامادەباشیدایە لەگەڵ تیمەکانی کوتان لە شوێنەکانی پشکنینی ئاوارەکان بۆ کوتانەکانی ئیفلیجی و سۆریکە بۆ منداڵانی خوار تەمەنی ١٥ساڵی.
- بەشی تەندروستی لە دهۆك هەماهەنگی دەکات لەگەڵ هاوکارانی کاروباری جێبەجێ کردنی تەندروستی بۆ دەستنیشانکردنی ئەو ئاژانس و ستافانەی کە بە نیازن لە شوێنەکانی پشکنینی ئاوارەکان کار بکەن، هەروەها نەخشەدانانی تەواوی هاوکارانی تەندروستی بۆ شوێنی خێوەتگە پلان بۆدانراوەکان.
- هاوکارانی کاروباری تەندروستی ٥٠ قەرەوێڵەی نەخۆشخانەی دابین کردووە بۆ هاوکاری کردنی نەخۆشخانەی شێخان.
- هاوکارانی کاروباری تەندروستی ئامادەن کە هاوکاری بکەن بە ناردنی تیمە گەڕۆکەکانی تەندروستی ئافرەتانی دووگیان و خزمەتگوزاریەکان، لەوانە پێداویستیەکانی تەندروستی ئافرەتانی دووگیان.
- پێداویستیەکانی تەندروستی تەنگەتاوی فرە ئاژانس و پێداویستیەکانی نەشتەرگەری ئامادەن تاکو لە ٢٤ کاتژمێر بگەیێندرێن، کە بەشی تەواو دەکات بۆ هاوکاری کردنی ١٠١٠٠ کەسی تر.

بۆشاییەکان و ڕێگریەکان:

- هاوکارانی گروپی تەندروستی کارەکان لە قۆناغی سەرەتایی بەهاناوەچوون بەڕێوە دەبەن چالاك بوون لە ناوچەکە بۆ هەندێ کات؛ لە ئێستادا ئەوان دووچاری بەرەنگاریە مەزنەکان نابنەوە یان کێشەکانی تر بە گەیاندنی خزمەتگوزاری.

## ئەمن و ئاسایشی خۆراك

پارچەکانی خۆراکی ووشك ئامادەیە بۆ

**1.3 ملیۆن کەس**

پێویستیەکان:

- هاوکارانی کاروباری ئەمن و ئاسایشی خۆراك دەیخەملێنن کە زیاتر لە یەك ملیۆن کەس لەوانەیە پێویستیان بەهاوکاری بێت ئەگەر خراپترین سیناریۆ ڕوودات.
- ئاوارەکانی تازە گەیشتوو بۆ گەیارە لەوانەیە پێویستیان بە هاوکاری خۆراك بێت لە ڕۆژەکانی داهاتوودا، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو پارچە خۆراکانەی کە ئامادەن بۆ خواردن و کە پێشوەخت وەریانگرتووە لە ڕێگەی هاوکارانی کاروباری میکانیزمی بەهاناوەهاتنی بەپەلە. بە پشت بەستن بە پێویستیەکانیان، خۆراك دەتواندرێت دابەش بکرێت بەسەریان هەروەك خۆراکی ئامادە بۆ خواردن و ژەمە لێندراوەکان لە شوێنەکانی پشکنینی ئاوارەکان یان پارچەکانی خۆراکی ووشك، کاتێك ئەو خەڵکە نیشتەجێ دەبن لەگەڵ خێزانانی خانەخوێ یان لە دامەزراوەکانی پەناگەی تەنگەتاوی.

بەهاناوەچوون:

- خەزنەکانی خۆراك پێش وەختە لە هەولێر و دهۆك و بەغدا دانراون بۆ بەپەلە ناردنیان بۆ خێوەتگەکان، پەناگە تەنگەتاویەکان و شوێنەکانی تر بەگوێرەی پێویست. خەزنەکان لەوانە ٢٣٨٠٠٠ پارچەی خۆراکی ئامادەکراو بۆ خواردن، لەوانە پارچەکانی بەهاناوەچوونی بەپەلە لە ڕێگەی میکانیزمی بەهاناوەچوونی بەپەلە کە بەشی تەواو دەکات بۆ ٥ تا ٦ کەس بۆ ماوەی سێ ڕۆژ؛ ٢٧٠٣٤٨ پارچەی خۆراکی ووشك کە خۆراکی سەرەکی دابین دەکات بۆ ٥ تا ٦ کەس بۆ ماوەی ٣٠ ڕۆژ؛ و ٢٥٦٩٩٩٥ پارچەی ژەمی گەرمی تاکە کەسی.

بۆشاییەکان و ڕێگریەکان:

- هەماهەنگی بەردەوامی هەیە لەگەڵ گروپەکانی پەناگە و کەل و پەلە ناخۆراکیەکان و هەماهەنگی و بەڕێوەبردنی خێوەتگە بۆ دڵنیابوون لەوەی کە ئاسانکاریەکانی چێشتلێنان تەواو بەش دەکات، وەکو تەباخەکانی چێشتلێنان و دەستەکانی چێشتخانە، و نەوت بۆ کاراکردنی خێزانە ئاوارەکان تاکو بتوانن ژەمەکان بۆخۆیان ئامادە بکەن لەگەڵ پارچەکانی خۆراکی ووشك.
- گروپەکە کاردەکات بەرەو بەهێزکردنی هەماهەنگی بەهاناوەچوونی ئەمن و ئاسایشی خۆراك لەگەڵ حکومەت و هاوکارانی کاروباری مرۆیی کە کارەکە بەڕێوە دەبەن لە دەرەوەی سیستەمی گروپەکە.

## پەروەردە

**10لە هاوکارانی کاروباری پەروەردە**

ئامادەن بۆ دابین کردنی بەهاناوەچوونی هێلی سەرەکی پەروەردە

پێویستیەکان:

- خێزانە ئاوارەکان و منداڵان پێویستیان بە شوێنی ئارام و ژینگە پارێزراوەکان دەبێت بۆ پێویستیەکانی پەروەردە لە خێوەتگەکان و شوێنە تەنگەتاویەکان.

بەهاناوەچوون:

- هاوکارانی گروپی کاروباری پەروەردە دامەزراون بۆ هەر یەك لە خێوەتگە پلان بۆ دانراوەکان، و ئامادەن بۆ بەهاناوەچوون و دابین کردنی هاوکاری پەروەردەی هێلی سەرەکی لە ٤٨ تا ٧٢ کاتژمێر. ئامادەکاریەکان بەردەوامیان هەیە بۆ هاوکاری کردنی ١٠٠٠٠ منداڵ لە دوو کاتی دەوام لەگەڵ هێلی سەرەکی هاوکاری پەروەردەیی و ژینگەکانی پەروەردەیی ئارام.
- مەشقکردن لەسەر پەروەردەی نافەرمی، هاوکاری کردنی دەروونی و کۆمەڵایەتی، و چالاکیەکانی قوتابخانە دابین کراون بۆ ٢١ مامۆستا لە حەسەن شام.
- هەڵسەنگاندنی شوێنەکانی خێوەتگەی ئاوارەکان بەردەوامە لە ئامادەکردنی بۆ ژینگەکانی فێربوونی کاتی.
- پێش وەختە دانانی خەزنەکان: ٤٠ ڕەشماڵ، ١٢ پێداویستی چالاکی قوتابخانە، ٦٤ پێداویستی سندوقی قوتابخانە لەوانە (هەر یەکەیان بۆ ٤٠ قوتابی و ١ مامۆستا)، پێنج پێداویستی پەرەپێدانی منداڵانە، ٤٠ پارچەی پلاستیکی، خەزنەکان تەواو بەش دەکەن بۆ هاوکاری کردنی زیاتر لە ٥١٠٠٠ منداڵ.
- ڕێکخراوی یونیسێف کۆمەکی جۆری لە ڕەشماڵ و کۆمەکیە پەروەردەییەکانی بۆ هاوکارانی کاروباری پەروەردە دابین کردووە بۆ دابین کردنی بەهاناوەچوونی هێلی سەرەکی لە تەواوی سێ شوێنە لەپێشینەکان.

بۆشاییەکان و ڕێگریەکان:

- زیادبوونێکی مەترسیدار هەیە لە بارەی قەتابخانەکان کە وەکو شوێنەکانی پشکنینی ئاوارەکان و پەناگەی تەنگەتاوی بەکاردەهێندرێن. گروپی پەروەردە تێبینیەکی ڕێبەری کردنی پەرەپێداوە لەسەر بەکارهێنانی قوتابخانەکان وەکو پەناگە.

## پەیوەندیە فریاگوزاریەکان

**$600,000**

بۆشایی لە پاڵپشتی کردنی دارایی بۆ گرووپی پەیوەندیە فریاگوزاریەکان بۆ بەهاناوەچوونی موسڵ

بەهاناوەچوون:

- گرووپی پەیوەندیە فریاگوزاریەکان ئامادەیە بۆ دابین کردنی خزمەتگوزاریەکان لە هەر سێ شوێنە تەنگەتاویەکانی لەپێشینە لەوانە: ڕادیۆ، خزمەتگوزاریەکانی پێکەوە بەستنی ئینتەرنێت، مۆلیدەکان، مۆبایلەکان، دەسکی ڕادیۆکان، لاپتۆپەکان وخزمەتگوزاریەکانی گەڕۆکی ئینتەرنێتی مانگی دەستکرد.
- 
- هەروەها گرووپی پەیوەندیە فریاگوزاریەکان ئامانجی بریتی یە لە دابین کردنی خزمەتگوزاریەکانی خاڵە گەرمەکانی ئینتەرنێت و ڕادیۆ وەکو قۆناغێکی سەرەتایی.
- هاوکارانی مرۆیی بەرنامە بۆ ئامێری پەیوەندی کردنی ئەمن و ئاسایش و بەیەکەوەبەستنی ئینتەرنێت دادەنێن بۆ هاوکارانی کاروباری مرۆیی.
- گرووپی پەیوەندیە فریاگوزاریەکان ستاف ئامادە دەکات لەناو گۆڕەپان بۆ ناردنیان بۆ ناوچەکانی ئۆپەڕاسیۆنی تازە، و دڵنیابوون لە هەبوونی ستافی زیاتر لە ئامادەباشیدان بۆ هاوکاری کردنی هەر خێرابوونێکی ئۆپەڕاسیۆنی موسڵ.
- گرووپی پەیوەندیە فریاگوزاریەکان دەستی دەگات بە هەڵگرانی مۆبایل لە وێ تاکو ببینێ کە چۆن ئەوان دەتوانن هاوکاری بەهاناوەچوون بکەن.

ڕێگریەکان:

- ٦٠٠٠٠٠$ ملیۆن دۆلاری ئەمەریکی بریتی یە لە بۆشایی پاڵپشتی دارایی بۆ دابین کردن و بەردەوامیدان بە خزمەتگوزاریەکانی گرووپی پەیوەندیە فریاگوزاریەکان بۆ بەهاناوەچوونی مرۆیی بۆ موسڵ.

## کەل و پەل

**12هەزار مەتر دووجا**

شوێنی خەزنەی باو لەبەردەستدایە

بەهاناوەچوون:

- گرووپی کەل و پەل ١٢٥٧٣ مەتر دووجا لە شوێنی خەزنەی باو لەبەردەستدایە بۆ هاوکاران لە هەولێر (٥٤٠٠ مەتر دووجا)، لە دهۆك (٢٧٧٣ مەتر دووجا)، لە بەغدا (٢٠٠٠ مەتر دووجا)، و لە تکریت (٢٤٠٠ مەتر دووجا) بۆ ڕێکخراوە مرۆییەکان بۆ پێش وەختە دانانی خەزنەکانیان لە نزیك شوێیەکانی ئاوارەبوون. شوێنی خەزنە لە بەردەڕەش (١٢٠٠ مەتر دووجا) و عوینات/زومار (٦٤٠ مەتر دووجا) لە هەفتەکانی داهاتوودا لەبەردەستدا دەبێت.
- یەکەکانی خەزنەی گەڕۆك لە کاتێکی نزیکدا لە شوێنە تەنگەتاویەکانی حەسەن شام و حاج عەلی و گەیارە جەدە و خێوەتگەکان دروست دەکرێن بۆ هاوکاری کردن لە دابەشکردنی کۆمەکە فریاگوزاریەکان. یەکەی خەزنەی گەڕۆکی زیاتریش لە کۆگا هەن و ئامادەن کە بنێردرێن بە گوێرەی شوێنە لەپێشینەکان و پێویستیەکان.
- هەڵسەنگاندنێك بۆ پردی گەیارە پلانی بۆ دانراوە لە ٢٣ی تشرینی یەکەم بۆ دابین کردنی یان ڕاسپاردەکان بۆ ئەگەری چاککردنەوەی ئەو پردەی ئێستا یان بۆ چەسپ کردنی پردێکی تازە.
- گرووپی کەل و پەل لەگەڵ ڕێکخراوە مرۆییەکان هەماهەنگی دەکات بۆ دەستنیشانکردنی ئەگەری نەمانی ڕێگریەکانی کە پەیوەندیان بە دەستگەیشتنەوە هەیە، لەوانە ڕێ و شوێنەکانی پاك کردنەوەی ئەمن و ئاسایش بۆ جولانەوەی کاروانی مرۆیی. هەروەها گرووپی کەل و پەل هەماهەنگیش دەکات لەگەڵ دەسەڵاتداران لە هەرێمی کوردستانی عێراق بۆ دامەزراندنی ووێستگەیەك بۆ ئاسانکردنی پاککردنەوەی گومرگی بۆ ناو هەرێمی کوردستانی عێراق.

بۆشاییەکان و ڕێگریەکان:

- پاڵپشتی کردنی دارایی زیاتر پێویست دەبێت بۆ کارەکانی پردی گەیارە. کۆی گشتی، لەوانە بنیاتنان و گواستنەوە، دەخەملێندرێت کە بریتی بێت لە ٤ $ ملیۆن دۆلاری ئەمەریکی.
- گرووپی کەل و پەل دەستی دەگات بە کۆمەڵگای مرۆیی بۆ دەستنیشانکردنی هاوکارێك بۆ بەڕێوەبردنی باڵەخانەی خەزنەی باو لە حەسەن شام.

## هەماهەنگی و خزمەتگوزاریە باوەکان

**5**

چاودێرانی مەیدانی کەلەلایەن لێژنەی هەماهەنگی ڕێکخراوە ناحکومیەکانی عێراقەوە دامەزراون بۆ هاوکاری کردنی هەماهەنگی کردن

بەهاناوەچوون :

- لە ڕۆژی ٨ی تشرینی یەکەم، OCHA سەنتەرێکی ئۆپەڕاسیۆنە مرۆییەکانی لە هەولێر دامەزراند بۆ کۆکردنەوەی ڕێکخەرانی گرووپ، ڕێکخەرانی مرۆیی مەدەنی – سەربازی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان و هاوکارانی سەرەکی تری کاروباری مرۆیی تاکو بە هاوبەشی پلان دابنێن بۆ بەهاناوەچوونێکی گشتگیر بۆ ئاوارەبوونی پێشبینی کراو.
- تۆمارکەری بەدواداچوونی سەر بە ڕێکخراوی کۆچی نێودەوڵەتی چالاك کراوە بۆ بەدواداچوون و چاودێری کردنی ئاوارەبوون و جولانەوەی دانیشتوانی ئاوارەکانی موسڵ، و دابین کردنی تازەکردنەوەی ڕۆژانە لەسەر جولانەوەی ئاوارەکان.
- ڕێکخراوی سەلامەتی ڕێکخراوی ناحکومی نێودەوڵەتی پەیوەندی کردنی خۆی زیاد کردووە سەبارەت بە شیکاری ئەمن و ئاسایش بۆ ڕێکخراوە ناحکومیەکان و هاوکارانی کاروباری مرۆیی کە کارەکان بەڕێوە دەبەن لە بۆ بەهاناوەچوونی مرۆیی بۆ موسڵ.
- سەنتەری پەیوەندی ئاوارەکان، کە لەلایەن ڕێکخراوی UNOPS جێبەجێ دەکرێت، ئامادەکاری دەکات بۆ گۆڕینی دەوام لە کاتی ئێستادا لە کاتژمێرەکانی کراوەی لە ٨ ی بەیانی تاوەکو ٥ ی ئێوارە بۆ ٢٤ کاتژمێر؛ لەگەڵ ئەوەشدا، چاودەخشێنێتەوە بە ڕێ و شوێنە ستاندەرەکانی بەڕێوەبردن بۆ یەکخستنی

بەشداری پێکردنی زانیاری لە نێوان هاوکارانی کاروباری مرۆیی، و بەردەوامە لە ڕەوانەکردنی ئەو کێشانەی کە دێن بۆ گروپەکان و هاوکارانی کاروباری مرۆیی بۆ کارکردن لەسەریان و بەدواداچوونیان.

- لێژنەی هەماهەنگی ڕێکخراوە ناحکومیەکان بۆ عێراق دەستگەیشتنی بە ڕێکخراوە ناوخۆیی و نەتەوەییەکانی باشترکردووە بۆ زیادکردنی کارکردنیان لەگەڵ سیستەمی هەماهەنگی کردنی کاروباری مرۆیی. لێژنەکە لە کاتێکی نزیکدا پێنج چاودێری مەیدانی دادەمەزرێنێت بۆ هاوکاری کردنی هەوڵەکانی هەماهەنگی کردنی مەیدانی.

بۆشاییەکان و ڕێگریەکان:

- نەبوونی ڕوون و ئاشکرایی لەسەر ڕێگاکانی ڕاکردن لە شاری موسڵەوە لە ئێستادا زیان دەگەیێنێت بە ئامادەکاریەکانی هاوکارانی کاروباری مرۆیی.
- هەڵسەنگاندنەکانی فرە کەرت و ئەو خەڵکانەی کە ئاوارەنەبوون لەو ناوچانەی کە تازە ئازادکراونەتەوە پێویستە لەئەستۆ بگیرێن.
- بۆشاییەك هەیە لە ڕووی نەخشەدانان و کارکردن لەگەڵ خەڵکانی ناوخۆ و هاوکارانی تری کە مرۆیی نین لەوانە (خێرخوازیەکان، کەرتی تایبەت).

# هەماهەنگی کردنی گشتی

لەسەر ئاستی ستراتیجی، لێژنەیەکی هاوبەش کە تێیدا لەوانە حکومەتی عێراقی و حکومەتی هەرێمی کوردستان و سەربازی و ڕێکخەری مرۆیی دامەزراوە بۆ دڵنیابوون لە تەواوی هەماهەنگی لە نێوان تەواوی هاوکاران لە بەهاناوەچوونی مرۆیی بۆ موسڵ.

خانەیەکی تەنگەتاوی کە پێك دێت لە سەرکردەکانی ئاژانسی گروپەکان کە کاردەکەن لە بەهاناوەچوونی موسڵ و سەرکردایەتی دەکرێت لەلایەن ڕێکخەری مرۆیی و زۆربەی جار کۆدەبنەوە. تیمی کاروباری مرۆیی وولات وەکو پێکهاتەیەکی ستراتیجی هەماهەنگی دەمێنێتەوە لە نێوان نەتەوە یەکگرتووەکان و هاوکارانی ڕێکخراوە ناحکومیەکان بۆ تێڕوانینی بەهاناوەچوونی مرۆیی لە عێراق. لەسەر ئاستی کرداری، ئۆچا سەنتەری ئۆپەڕاسیۆنی مرۆیی لە هەولێر دامەزراندووە بۆ هاوکاری کردنی پلاندانانی کرداری گروپەکان. سەنتەری ئۆپەڕاسۆنی مرۆیی هەماهەنگی بەهێز دەکات لە نێوان تەواوی گروپەکان و ڕێکخستنی زانیاری بەخێرایی لە نێوان پێکهاتەکانی هەماهەنگی ستراتیجی و هاوکارانی کاروباری کرداری لەناو گۆڕەپان. چوارچێوەیەکی هەماهەنگی کاروباری مرۆیی مەدەنی – سەربازی نەتەوە یەکگرتووەکان ئاسانکاری دەکات بۆ دەستگەیشتنی کاروباری مرۆیی، پاراستنی هاووڵاتیان، و ئەمن و ئاسایشی کارگوزارانی کۆمەکی مرۆیی.

ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی وۆرکشۆپێکی دوو ڕۆژەی لە ڕۆژەکانی ١٩ و ٢٠ی تشرینی یەکەم لەگەڵ وەزارەتەکانی تەندروستی و بەڕێوەبەرایەتیەکانی تەندروستی حکومەتی عێراقی و حکومەتی هەرێمی کوردستان و هاوکارانی گروپی تەندروستی و کۆمەکبەخشان بەڕێوەبرد. بابەتە گشتیەکانی کۆبوونەوەکە تیایدا لەوانە دەستنیشانکردنی بۆشاییە کرداریەکان لە ئامادەکاریەکانی تەندروستی گشتی بۆ ڕزگارکردنەوەی موسڵ بریتی یە لەسەر بنەمای شێوازەکانی هاتنی ئاوارەبوون، ڕێ و شوێنەکان و شوێنەکان؛ پێناسەکردنی چوارچێوەیەك بۆ ڕێکخستنی هەماهەنگی لە نێوان هاوکارانی تەندروستی کە لە ناوچە جۆراوجۆرەکان کارەکان بەڕێوە دەبەن؛ پەسەندکردنی ئەو تێگەیشتنەی ئۆپەڕاسیۆنەکان؛ و چاوخشاندنەوە بە مەترسیەکانی تەندروستی و هەڕەشەکان لەو کاتەی دڵنیاکردنەوەی ڕازیبوون لەگەڵ تێگەیشتنی حکومەتی عێراقی بۆ ئۆپەڕاسیۆنەکان؛ و چاوخشاندنەوە بە تێگەیشتنی کەرتی تەندروستی ئۆپەڕاسیۆنەکان. سندوقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دانیشتوان مەشقێکی کەمترین پاکێجی خزمەتگوزاری سەرەتایی تەندروستی ئافرەتانی دووگیان بۆ ئەندامانی گروپی تەندروستی لە تەواوی ناوچەکان لە نێوان ٢٦ و ٢٨ی تشرینی یەکەم ڕێکخست.

لە ڕۆژی ٢٠ی تشرینی یەکەم، کۆبوونەوەیەك لەگەڵ هاوکارانی ئاو و خاوێن کردنەوە و پاك و خاوێنی ئەنجام دەدرێت بۆ هەماهەنگی کردنی ماوە درێژی چارەسەرکردنی ئاو و کۆمەکی لە حاج عەلی و گەیارە، لەسەرەوەی کۆبوونەوەکانی نەتەوەیی هەفتانە و کۆبوونەوەکانی سەنتەری ئۆپەڕاسیۆنی مرۆیی بۆ هەماهەنگی کردنی شوێنە دیاریکراوەکان هەروەك لەسەر هێڵ بەردەست دەبن.

نوێنەرانی پەروەردە ئامادەییان هەیە لە تەواوی ناوچەکانی هەماهەنگی، و گروپی پەروەردە سیستەمێکی پەیوەندی کردنی سەر هێلی ٢٤ کاتژمێر لە هەفتەیەك داناوە لەسەرەوەی کۆبوونەوە بەردەوامەکانی هەماهەنگی.

ئەو دیوی قەیرانەکە
توندوتیژی فراوان و ململانێ ی چەکداری لە عێراق سەری هەڵدا لە مانگی کانوونی دووەمی ٢٠١٤. لە سەرەتادا جەختی کردەوە لە پارێزگای ئەنبار، لەگەڵ شارەکانی ڕومادی و فەلوجە بە شێوەیەکی تایبەتی زیانیان بەرکەوت، توندوتیژیەکە و کاریگەریەکەی بە خێرایی تەشەنەی کرد، کە بووە هۆی ئاوارەکردنی زیاتر لە ٥٠٠٠٠٠ کەس لە مانگی ئایار. لە مانگی حوزەیرانی ٢٠١٤، داعش، بەیەکەوە لەگەڵ گروپە چەکدارەکان، هێرشیان کرد و کۆنترۆڵی دووەم گەورەترین شاری عێراقیان کرد موسڵ، بەشێکی زۆری باکوری عێراق، لەوانە پارێزگاکانی ناوچەکانی دیالە و کەرکوك و نینەوا و سەڵاحەددین. ئەمەش بووە هۆی بەردەوامی ململانێ ی چەکداری، ئاوارەبوونی بەلێشاوی ناوخۆیی، توندوتیژی سیستەماتیکی و جددی لە پاراستنی هاووڵاتیان و مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤ، پچڕاندنی دەستگەیشتن بە خزمەتگوزاریە سەرەکیەکان، و کۆت و بەندی خراپ لەسەر کۆمەڵگا خانەخوێکان. وەکو دەرەنجامێك، عێراق لە ئێستادا دووچاری یەکێك لە گەورەترین قەیرانە مرۆییەکان دەبێتەوە لە جیهان، زیاتر لە ١٠ ملیۆن کەس پێویستیان بە هاوکاری مرۆییە. زیاتر لە ٤ ملیۆن عێراقی لە ناوخۆ ئاوارەبوون بەهۆی توندوتیژی لەوەتەی کانوونی دووەمی ٢٠١٤. لەو ژمارەیە، ٣,٣ ملیۆن کەس لە ئێستادا ئاوارەن.

بۆ زانیاری زیاتر، تکایە پەیوەندی بکەن بە:
بۆ پرسیاری ڕاگەیاندن، کەریم ئەلکورانی، elkorany@un.org, Tel: +964 790 193 1292
بۆ پرسیاری تر: لویس باربەر، barber@un.org
بۆ زانیاری زیاتر، تکایە سەردانی ئەم ماڵپەڕە بکەن : www.reliefweb.int
بۆ زیادکردن یان لابردن لە لیستی ئیمەیڵ: http://bit.ly/2dDYK3D

Disclaimer: This document is subject to availability of data at the time of circulation. The context is evolving and the above information is subject to constant change.